# ئایەتوڵڵا جەهەننەم *
# (HELL,S AYATOLLAH)

نووسینی: ڕۆبێرت درایفوس

وەرگێڕانی: یوسف عەلی پور

هیچ شۆڕشێك وەکو ئەوەیکە لە ساڵی 1979 ـ 1978 ئێرانی لە خۆیدا نوقم کرد، ئەمریکای تووشی سەرسوڕمان نەکردوە. بۆ چەند ساتێك، واپێدەچوو کە جێگاوشوێنی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تەواوەتی تێك دەڕووخێت؛ عەرەبستانی سعودی و دەسەڵاتدارانی کەنداویش تووشی شۆڕشێکی لە چەشنی شۆڕشی ئێران دەبن؛ دەسەڵاتە پاشاگەردانیەکانی عەرەب ـ لە ئۆردۆنەوە هەتا مەراکیش ـ دەکەونە مەترسیەوە. بەرپرسە سەرسوڕماوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، فرمانیان بە CIA دا بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا ئەگەری پەرەسەندنی شۆڕشی ئێران بۆ ناوچەکانی دیکەش هەیە؟ هەر لەو پێناوەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆمەڵێك کارناسی کاروباری ئیسلامی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی بۆچوونەکان و دوورەدیمەنەکان و پێش بینیەکانی خۆیان دابڕێژن. کارناسانی ئاسایشی نەتەوەیی نیگەرانی ئەوە بوون کە نەکا هێڵی بەرگری لە داوێنی یەکێتی سۆڤیەت تێك شکابێت و روسیە بتوانێت لەو دەرفەتە کەڵك وەربگرێت و پەرسەندنی رووخانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، خەسارەت لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتوەکان بدات.

بۆ یەکەمین جار، ئیسلامی سیاسی هاتبوە ناوەندی گۆڕەپانەکە و دەیتوانی ئاکامی زۆر قوڵیشی لێ بکەوێتەوە. لە ئێران، ئەفغانستان و پاکستان و زۆر شوێنی دیکەش، ئیسلامی سیاسی ئیتر هێزێکی پەراوێزخراو نەبوو، بەڵکو هێزێکی بزوێنەر بوو کە لە پشت سەرجەم ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەوە بوو. بۆ لێکۆڵەران ئەوە ئیتر شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو کە ژمارەیەك رژیمی ئیسلامی، لە باکوری ئەفریقا و میسر و سودانەوە هەتا سوریە و عێراق و عەرەبستانی سعودی و پاکستان و ئەفغانستان پێك بێن. سەرەڕای ئەوەش کاتێك تەپوتۆزەکە نیشتەوە، جێگاوشوێنی ویلایەتە یەکگرتوەکان سەقامگیر بوو. لە رواڵەتی قەزیەکەدا ئێران لە ژێر دەسەڵاتدارێتی ئەمریکا هاتبوە دەرێ، بەڵام وا پێدەچوو کە ئێمپراتۆریەتی ئەمریکا لە شوێنەکانی تر هەر لە سەر جێگای خۆیەتی. بێجگە لە سودان کە باڵی راستی ئیسلامی لە دەیەی هەشتادا، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، و لە پەراوێز دانەبوو، وادیار بوو ڤایرۆسی ئێران توانای خۆڕاگری دەبێت. زۆربەی سیاسەتمەداران، کەسانی سەربازی و کارناسانی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێیان وابوو کە رووداوێکی سەیر و سەمەرە رووی نەداوە و هەلومەرجەکە بۆ ئاسایی بوونەوەی کاروبارەکان گونجاوە. سەرنجدان بە شۆڕشی ئێران وەکو شۆڕشێکی تایبەت بە خۆی، وەلا نرا و لە کاتێکدا کە خودی ئێرانیان بە هەڕەشەیەك بۆ سەر ناوچەکە ناو دەبرد، ویلایەتە یەکگرتوەکان بەو ئاکامە نەگەیشت کە وەکو دوژمنێکی سەرەکی سەرنج بداتە باڵی راستی ئیسلامی. ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ڕێگای دامودەزگای زانیاری خۆیەوە درێژەی بە پەیوەندییە شاراوەکانی خۆی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و پاکستان دا کە دوو قەڵای بونیاد گەرایانی ئیسلامی بوون. راپەڕینی ئیسلامیستەکان لە دژی سوریە و ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین، لە دەیەی هەشتادا بە لوتکەی خۆی گەیشت، بەڵام هیچ هۆشدارێکی بە پەیوەندیە سیاسیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان نەدا. تازە لە دەیەی هەشتادا ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاتر لە سێ بیلیۆن دۆلاری بۆ

پشتیوانی لە جیهادیەکانی ئەفغانی تەرخان کرد کە ناسینی ئامانجە سیاسیەکانیان لە ناسینی ئامانجە سیاسیەکانی ئایەتوڵڵاکانی ئێران دژوارتر بوو. هاوکاریی بە کردەوەی ئەمریکیەکان لە گەڵ باڵی راستی ئیسلامی هەروا بەردەوام بوو. هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکان هەوڵیدا تاوەکو بە شێوازی جۆراوجۆر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەندی بگرێت. لیبڕاڵەکانی دەوڵەتی "جیمی کارتێر" هەوڵیاندا لە گەڵ ئیسلامیستە بە رواڵەت میانەڕەوەکان کە لە ئەمریکا و ئەوروپا دەرسیان خوێندبوو و لە دەوری خومەینی کۆ ببوونەوە و لە جیاتی عەبا، کۆت و شەڵواریان لە بەر دەکرد، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بکەن. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە زۆریەك لە موحافزەکارانی نوێ، لەوانە بەرپرسانی پایە بەرزی دەوڵەتی رۆناڵد رەیگان، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە جیاتی کۆلکە مەلاکان، لە گەڵ ئایەتوڵڵا توندڕەوەکانی قوم کە هێزی راستەقینەی دەسەڵات بوون، پەیوەندیی بگرن. سەرەڕای ئەوەش هیچکام لەو هەنگاوانە کاریگەر نەبوون و لە پازدە ساڵی سەدەی دواتردا، ئێران روحی شەیتانیی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاتر هەڵدەخرێنێت.

شۆڕشی ئێران، ویلایەتە یەکگرتوەکانی تووشی سەر لێ شێواوی کرد. لە ساڵی 1977ەوە کە یەکەمین هێماکانی راپەڕین دەرکەوتن، هەتا ساڵی 1981 و سەقامگیربوونی رژێمی مەلاکان لە دەیەکانی هەشتادا، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان تووشی سەر لێ شێواوی و زۆرجاریش ناکۆکی بۆوە.

سەرەتا واشنگتۆن بە هۆی متمانەیەکی بێ ئەوپەڕ کە بە شای ئێرانی هەبوو، کردیە پاڵپشتی خۆی. لە مەودای ساڵەکانی دەیەی حەفتادا، دەزگای زانیاریی ویلایەتە یەکگرتوەکان بە بەردەوامی هێندێك راپۆرت بڵاو دەکەنەوە کە لەواندا جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە کە رژێمی شا ئەمن و ئەمانە. ئەو خۆشباوەڕیانە، کە زۆریەك لە سیاسەت داڕێژەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەڕێوەی دەبەن و بەو ئاکامە گەیشتوە کە مەترسیەکی ئەوتۆ هەڕەشە لە شا ناکات، رێك هەتاکو شەوی راپەڕینەکە درێژەی دەبێت. لەو راپۆرتانەدا، بە گشتی بزووتنەوەی ئێران لە بیر دەکرێت یان دەخرێتە پەراوێزەوە. یارمەتی رێکخراوی سیخوڕیی (سیا) بۆ ئیسلامیستەکان لە ساڵی 1953 (28ی گەلاوێژی 1332لە دژی دەوڵەتی موسەدق و بۆ گەڕاندنەوەی مەحەمەد رەزا پەهلەوی بۆ سەر تەختی دەسەڵات) مێژوویەکی کۆنی هەبوو کە لە دەیەکانی دواتردا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە شا، ئایەتوڵڵاکان بخاتە پەراوێزەوە. بەو شێوەیە کە ژمارەیەکیان ـ کە خومەینیش لە زومرەی ئەوان بوو ـ بیاننێرێتە تاراوگە و ئەوانی دیکەش بخاتە ناو لیستی مشەخۆرانی خۆیەوە.

وەزارەتی کاروباری دەرەوە و CIA، بەو پەڕی رەزایەت و خۆشحاڵییەوە لە رەوتی ئیسلامی لە ئێران خافڵ ببوون کە ئەوەش ببوە هۆی خۆشحاڵی شا و لە بنەڕەتدا ئەوە داخوازیی ئەو بوو. شا زۆر بە توندی نەیاری هەرچەشنە پەیوەندییەکی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە گەڵ بڕوادارانی ئیسلامی و تەنانەت گوێڕایەڵترینیان و کەسانێکیش لەوان بوو کە لایەنگری رژێم بوون و لە لیستی مشەخۆرانی شا دابوون.

بەڵام دوای ئەوەیکە دەوڵەتی کارتێر لە ساڵی 1977 دەستی بە سەر شورای ئاسایشی نەتەوەییدا داگرت، ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستی کرد بە گوشار هێنان بۆ سەر شای ئێران بۆ ریفۆرم و دانیشتنی نهێنی و چروپڕ لە گەڵ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەوانە رێبەرانی سەرەکیی ئایینی. ئەو سیاسەتە بوە هۆی لاوازبوونی شا و سەر لێ شێوانی رژێمەکەی و پتەوکردنی باڵی راستی ئایینی. ئامانجی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە پێکهێنانی ئەو پەیوەندیانە، راپەڕین نەبوو، بەڵکو زۆربەی بەرپرسەکان ئاواتەخواز بوون کە لەو رێگایەوە، دەسەڵاتدارێتی مەشروتە (CONDITIONAL)ی لایەنگری ئەمریکا زیاتر سەقامگیر ببێت. بەشێك لە پاڵنەری بەرەوپێش بردنی ئەو سیاسەتە، دەنگۆیەکی بەردەوام بوو سەبارەت

بەوەیکە شا تووشی شێرپەنجە بوە. بە رواڵەت وادیار بوو کە راپۆرتەکانی جێی متمانەی دامودەزگا زانیاریەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، وەکو هەواڵێکی دروست دانی بەو دەنگۆیە دادەنا. (بە راستیش شا نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو و هەر بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە لە ساڵی 1980دا مرد.) ئەو کەسانەی کە بە شوێن ئەو سیاسەتەوە بوون، لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە شا توانای تەواوی بۆ بە جێ هێشتنی دەسەڵات لە رێگەی ئاشتیانەوە هەیە. بە بڕوای ئەوان، ئاکامی سپاردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هێزێکی زیاتری بە رێبەرانی رۆشنبیری ئێرانی، بەرەی نەتەوەیی لایەنگری مەحەمەدی موسەدق، تێکنۆکراتەکان و کەسانی میانەڕەو و ناشارەزای شیعە دەبەخشی. ئەوەیکە لەو لێکدانەوە و سیاسەتەدا لە بەر چاو نەگیرابوو، ئەوە بوو کە بزووتنەوەی دژی شا دەکەوێتە داوێنی باڵی راستی ئایینی و لەوش گرینگتر دەکەوێتە چنگ ئایەتوڵڵا خومەینی کە کەسێکی زۆر پێداگر بوو.

دواتر لە سەردەمی خودی راپەڕین ـ بە تایبەت لە مانگی نۆڤەمبری 1978تاوەکو داگیرکردنی تاران لە لایەن خومەینیییەوە لە فێبریواری 1979 ـ دەوڵەتی کارتێر تووشی گەلێك ناکۆکی ناوخۆیی بوو. ژمارەیەك کەس دەیانگوت ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێ دەست بەرداری شا بێت و ژمارەیەك لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەبێ پشتیوانی لە کودەتایەکی خوێناوی لە دژی راپەڕین بکات. لە مەودای نێوان ئەو چوار مانگەی کە بارودۆخەکە بەرەو خراپی دەچوو، ویلایەتە یەکگرتوەکان بە گشتی سیاسەتێکی روونی نەبوو و هەر چۆنێك بێت مەجالی گۆڕینی رەوتەکە لە کیس چووبوو. شای ئێران رایکرد، دەوڵەتەکەی رووخا و کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا. ئەوانەی کە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ دەست بەرداری شا بن، خوێندنەوەیەکی دروستیان لە ئیسلامیستەکان نەبوو و تا ئەو کاتیش پێیان وابوو کە رژیمێکی دیموکراتیك، بە رواڵەتێکی توێژێك ئیسلامییەوە جێگەی دەگرێتەوە، نەك دیکتاتۆرییەك. ئەوانەشی کە باسیان لە کودەتایەك دەکرد کە تێیدا بە دەیان هەزار کەسیش دەکوژران، لە مەڕ لێکدانەوەی ناخی دەسەڵاتی بزووتنەوەی خومەینی تووشی هەڵە ببوون. بۆچوونی ئەو گروپە کە زۆر جەختیان دەکردەوە و لە هەمانکاتدا بۆچوونێکی مەعقولیش نەبوو، ئەوە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت چوەتە پشت ئەو گرفتەی ئێرانەوە. ئەوان پێیان وابوو ناکرێ شا کە هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکیەکان بوو، بە بێ دەستێوەردانی مسکۆ بڕوخێت!

دوای راپەڕینیش سیاسەتی ئەمریکا لە جاران روونتر نەبوو. ویلایەتە یەکگرتوەکان تەنیا چەند کارناسێکی شارەزای لە پەیوەند لە گەڵ بزووتنەی ئیسلامیی ئێراندا هەبوو. دیپلۆماتەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان کە دوای راپەڕین چوونە ئێران، بە گشتی کارناسانی کاروباری ئێران نەبوون و زانیارییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە ئیسلام یان سەبارەت بە خومەینی و کەسایەتی ئەو نەبوو. زۆربەیان هەوڵیاندەدا رێگە چارەیەك بۆ رێککەوتنی کاتی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بدۆزنەوە، بەڵام دوای داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە مانگی نۆڤەمبری ساڵی 1979لە لایەن ( کۆمەڵی ناسراو بە خوێندکارانی رێبازی ئیمام)، ئەو سیاسەتە فەشەلی هێنا. کەسانی دیکەی وەکو ئیبراهیم یەزدی، سادق قوتب زادە و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر کە لە خۆرئاوا دەرسیان خوێندبوو و رۆڵی چێوبەست و کۆڵەکەی خومەینییان دەگێڕا، بە دەسپێکی شۆڕشی دووەم (شۆڕشی فەرهەنگی) ئەوانیشیان رامالی و لە ئاکامدا داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکاشی لێکەوتەوە و مەلاکانی نیشتەجێی قوم و خومەینی، دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆیان بە سەر ئێراندا دەست پێکرد. لە هەمانکاتدا توندڕەوکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئامادە نەبوون لە ئێراندا خۆ بە دەستەوە بدەن. ژمارەیەکیان، گۆڕانکارییەکان و جێگاوشوێنی ئیسلامیی ئێرانیان وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت ناو دەبرد. بە پێی

لێکدانەوەی ئەوانە، مەترسیی ئێران لە دراوسێ باکوریەکەی و دوژمنایەتی ئیسلامیستەکان لەگەڵ کۆمۆنیزم، ئەوانی بەرەو ئاشتی لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان پاڵ پێوەدەنا. لایەنگرانی ئیسرائیل ـ تەنانەت خودی ئیسرائیلیش ـ مەلا چەکدارەکانیان وەکو هاوپشتێکی بەهێز لە قەڵەم دەدان. تەنانەت لە کاتی قەیرانی دەست بە سەرداگرتنی باڵێۆزخانەی ئەمریکا، رۆناڵد رەیگان و موحافزەکارە نوێیەکان، ئامادە کاریشیان بۆ کردبوو. لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتادا، موحافزەکارە نوێیەکان، دەزگای زانیاریی ئیسرائیل و سەرهەنگ "الیور نورس" ئەندامی شورای ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ نزیك بوونەوە لە کەسایەتی بەهێزی ئێران "عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی" لە چالاکییەکی نهێنی دا بە "بیل کیسی" بەرپرسی CIA پەیوەست بوون.

کاردانەوەی شۆڕشی ئێران زۆر زیاتر لەوە بوو کە تەنیا بناغەی یەکێك لە پڕبایەخترین کۆڵەکەکانی پارێزگاری ئەمریکا لە ناوچەکەدا بنکۆڵ بکات. ئەو شۆڕشە، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی لە باڵی راستی ئیسلامیدا پێکهێنا. گۆڕانێك کە دوای سەرهەڵدانی اخوان المسلمین لە دەیەکانی رابردوودا پێکهات. باڵی راستی ئیسلامی، بە دەستەبەر کردنی دەسەڵات لە دەیەی حەفتادا، داوێنی داخوازیەکانی پەرەپێدا و بەشێکیشیان روویان لە توندڕەوی کرد. هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی تیرۆریستە شاراوەکانی ئیسلامیست لە میسر، ئیسلامیە توندوتیژەکان بە سەر لایەنی جۆراوجۆردا دابەش بوون کە لە ئاکامدا تێکهەڵچوون لە گەڵ رژیمەکانی سەر بە خۆرئاوا پەرەی سەند و بزووتنەوەی تیرۆریستیی حیزبوڵڵا لە لوبنان، بوو بە خاوەنی دەسەڵات. بە لەبەرچاو گرتنی ئێران، زۆر گروپی دیکە کە سەر بە رەوتی سەرەکی ئیسلامیستەکان بوون، چاویان لە ئێران کرد و ژمارەیەکی زۆرتریش لە رێکخراوەکانی سەر بە اخوان المسلمین، رواڵەتی سیاسییان بەخۆیانەوە گرت.

ئەو هەڵە و خەتایانەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە سەردەمی راپەڕین و دوای راپەڕینیش تووشی هاتن، ئاکامە کارەساتبارەکانی وەکو تراژیدیاکانی شکسپیر بوو. بڵێسەی ئەو گڕە داوێنی دەزگای زانیاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی گرتەوە. لە نێوان رووداوی "پرل هاربر" و هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبری 2001، رووخانی شا بەرچاوترین هەڵەی دامودەزگای زانیاریی ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو. لە کاتێکدا کە ویلایەتە یەکگرتوەکان زۆر بە هۆگرییەوە پشتیوانی لە جیهادیەکانی ئەفغانستان دەکرد و دەستی بەرەولای مەلا میانەڕەوەکانی ئێران درێژ کردبوو، دەکرێ بگوترێ کە هیچ کەس لە دامودەزگای زانیاریی ئەمریکا، بە دیدێکی ئاوالاترەوە نەیدەڕوانیە قەزیەکە. بە بڕوای ئەمریکیەکان، رواڵەتی ناشیرین و نێوچاوانی تاڵ و روخساری تێکچرژاوی ئایەتوڵڵا خومەینی، سەرچاوەی سەرهەڵدانی هەڕەشەیەکی نوێ بوو لە جیهاندا. بەڵام دیپلۆماتەکان و ئەفسەرانی دامودەزگای زانیاریی ویلایەتە یەکگرتوەکان، هەروا خراپ لە باڵی راستی ئیسلامی سیاسی تێگەیشتبوون. تەنانەت کاتێك کە دەسەڵاتی ئیسلامیزم روخسار و ناوەڕۆکی خۆی لە رووداوی خوێناوی مەککە، شەڕی نێو خۆیی سوریە و کوشتنی ئەنوەر سادات دا پیشان دا، ویلایەتە یەکگرتوەکان پەیام و چەمکی داخوازیەکانی وەرنەگرت. تەنانەت دوای ئێران، ئیسلامیزم وەکو بزووتنەوەیەکی جیهانی کە پشتی بە پەیمان و بەڵێنی برایانە و کۆڕو کۆمەڵە شاراوەکان بەستوە، وە بەر چاو نەکەوت، بەڵکو بە بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆژیکی پەرتەوازە هەڵسەنگێندرا کە لە وڵاتە جوراوجۆرەکاندا، خەریکی کار و کردەوەی کەم بایەخن. ئەو بێ ئەزموونە ساکارانە پێیان وابوو کە قەزیەی ئێران شتێکی تایبەتییە کە لە هیچ شوێنێکی دیکە دووپات نابێتەوە. یانی دیکتاتۆریەتێکی موحافزەکارە کە تووشی شێوازێکی تایبەتی لە کاروکردەوەی سەربازیی شیعە بووە و هیچ رەنگدانەوەیەکی لە نێوان زۆربەی موسوڵمانانی

سوننەدا نابێت. ئەوانی دیکە کە بە شێوەیەکی تر بێ ئەزموون و ساکار بوون، تووشی ئەو لێکدانەوە و خۆشباوەڕییە ببوون کە دەکرێ ئیسلامیزمی لە چەشنی ئێرانیەکەی و ئیسلامیزمی اخوان المسلمین لە ئەفغانستان و ناوەندی ئاسیا وەکو ئامرازێك بۆ چەکداماڵینی یەکێتی سۆڤیەت بە کار ببرێن. سەرەڕای ئەوەیکە هەست و نستی دژی ئەمریکی راشکاوانە لە ناخی ئیسلامیزمەوە باس دەکرا، بەرپرسانی سەرەکی واشنگتۆن ـ لە راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جیمی کارتێر "زبیگنیو برژینسکی" هەتا "بیل کەیسی" بەرپرسی رێکخراوی (سیا)ی دەوڵەتی رۆناڵد رەیگان ـ زۆر بە تەماع و چاوچنۆکییەوە ئەو بیرۆکەیان بەرەوپێش دەبرد کە ئیسلامی سیاسی هیچ شتێك نییە بێجگە لە یەکێکی تر لە سەربازانی شەترەنج کە برژینسکی ئەو ململانێیەی بە " گۆڕەپانی گەورەی شەترەنج" ناو دەبرد.

## گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا

رۆژی دووەمی مانگی فێبریواری ساڵی 1979، یانی رێك رۆژێك دوای گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئێران، "جۆرج لمبراکیس" ئەفسەری پایە بەرزی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ئێران، پەیامێکی دوورودرێژی بۆ واشنگتۆن بەڕێکرد. لەو پەیامە فەرمیەدا، لمبراکیس هێندێك شیکاریی سەبارەت بە خومەینی و تیپ و تاقمەکەی باس کردبوو کە هیچ ئاسەوارێکی نیگەرانی لەو پەیامەدا بەرچاو نەدەکەوت. بایەخی هەڵسەنگاندنەکەی ئەو تەنیا لە زۆر بوونی دێڕەکان دایە، چونکە پیشانی دەدات کە ویلایەتە یەکگرتوەکان تەنیا چەند رۆژ بەر لە زاڵبوونی بزووتنەوەی خومەینی بە سەر ئێراندا، بە قووڵی لەو بارەیەوە بە هەڵە دەنگی هەڵێناوە:

*هەڵسەنگاندنی وردی ئێمە تا بە ئەمڕۆ ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی شیعە لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا، زۆر رێکخراوتر، رۆشنتر ، تواناتر و خۆڕاگرتر لەوەیە کە کەسانی دیکە دەیانەوێت ئێمە بەوە رازی بکەن. بزووتنەوەی ئیسلامیی شیعە، زیاتر لە ئایدۆلۆژیاکانی خۆرئاوایی، لە نێو ئێرانیەکاندا رەگ و ریشەی داکوتاوە. سەرەڕای ئەوەش، پێکهاتەی دەسەڵاتدارێتییەکەی ئاشکرا نییە و رەنگە بە گشتی کاری لە سەر نەکرا بێت. هەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوکات لە گەڵ بەرەوپێشچوونی دەسەڵاتدارێتییەکە، گوشاری رۆشنبیرانی نەیاری ئایەتوڵڵاکان، کە ئێستا لە ئۆپۆزیسیۆندان، بتوانێت جێگەکەی بگرێتەوە و رێگە بۆ قۆناغی دێموکراتیکی خۆرئاوایی کە لە سەرەتادا وەك شتێکی لە کران نەهاتوو وێنا دەکرا، خۆش بکات...*

*دامەزراوەی ئیسلامی، نە وەکو دەسەڵاتدارێتی شا لاوازە و نە بێ موبالاتیشە. چاودێرانی خۆئاواییش هەر ئاوا لێکدانەوەیەکیان لە بارەیەوە هەیە. ئەو بزووتنەوەیە لە چاو سەرجەم گروپەکان، زیاتر بە سەر هەستی خەڵك و دارایی بازاڕدا زاڵە، کە ئەم زاڵبوونە لە لێکدانەوەی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت. رەوتی دەسەڵاتدار بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی لە بیروبۆچوونی چاکسازی و رەسەنایەتی ئێران دەکات کە لەم سەردەمەدا بۆ زۆربەی ئێرانیەکان سەرنجراکێشتر لە مۆدیلە کۆمۆنیستیەکانە کە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی چین، نوێنەرایەتی دەکرێت.*

*لە لایەکی دیکەوە شێوەکاری پارلمانیی ئەو بزووتنەوەیە، وەکو نمونەکانی پارلمانە دێموکراتەکانی خۆرئاوایی نییە ... لەوانەیە دەسەڵاتی پارلمان لە لایەن شورای ئیسلامیەوە قەتیس بکرێت. هەرچەندە کە دامەزاندنی شورایەکی لەم چەشنە*

*هێشتاش هەر روون نییە. بە گوێرەی بەرنامەی بزووتنەوەکە، رێبەرانی سیاسی لە جیاتی کەسانی ئیمانداری ئایینی لە پێشدا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەیکە رۆڵی یاسا داڕێژ و بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی دەوڵەت بگێڕن... لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە کە هاوتەریب لە گەڵ بیروبۆچوونەکانی خۆرئاوایی، دەوڵەتێك کە لە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن پێکهاتوە و هەڵوێستی خۆرئاوایی هەیە، بۆ دامەزراوەی ئیسلامی شتێکی حاشا هەڵنەگرە.*

رۆژی یەکەمی فێبریواری، رێك رۆژێك بەر لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە لە لایەن لمبراکیس، خومەینی لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ ئێران. نۆ رۆژ دواتر، دەوڵەتی کاتیی ئێران رووخا و مەلاکان دیکتاتۆریەتی خۆیان دەست پێکرد کە هەتا ئێستا زیاتر لە چارەکە سەدەیەك دوامی هێناوە. جیمی کارتێر بەخێرهاتنی دەسەڵاتدارێتی نوێی ئێرانی کرد و هەوڵیدا زۆر بە گەشبینی لە رێبەرەکانی نزیك بێتەوە. بەڵام بە پێچەوانە، باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە چواردەی فێبریواریدا کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داروەستەی خومەینی. نۆ مانگ دواتر، کۆمەڵێکی هاوشێوە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانیان بە تەواوەتی داگیر کرد و ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی ئەوێیان بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك وەك بارمتە لە لای خۆیان هێشتنەوە. ئەوە، گەورەترین قەیرانی دیپلۆماتیك لە مێژووی ئەمریکادا بوو. لە کۆتاییدا خومەینی بوو بە دیکتاتۆری ئێران و بە تەواوەتی بە سەر کاروبارەکدا زاڵ بوو.

چلۆن دەکرێ لمبراکیس تووشی هەڵەیەکی لەم چەشنە بوبێت؟ چلۆن بەرپرسێکی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتوەکان ـ کە لەم بابەتەوە تەنیا نەبوو- باوەڕی بەوە کردبوو کە خومەینی و مافیای ئایین پەرستانی ئەو "لە جیاتی دانی دەسەڵات بە ئاخوندەکان، بە رێبەرانی سیاسی" دەسپێرن؟ بۆچی لمبراکیس بزووتنەوەی خومەینی بە بزووتنەوەیەکی " روون" ناو دەبات؟ بۆ چی پێیوایە دەبێ شتێکی تا رادەیەك هاوشێوە" لە رەوتی دێموکراتیکی خۆرئاوایی لە ئێران سەر هەڵبدات؟"

لەو ناوەدا زۆر شت دەبێ لە بەر چاو بگیرێن کە بێجگە لە تەشەر و سەرکۆنە کردن شتێکی تر نین. نە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ هەلومەرجی ئێران هەبوو، نە CIA، نە کۆڕ و کۆمەڵی زۆربلێ و خۆپەرستی پەیوەندییە دەرەکییەکان و نە ئاکادیمیستەکان. لە بەر هۆکاری خافڵان و بێ موبالاتی سەبارەت بە ئێران، زۆرترین خەتاکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان. بەڵام ئەو چاونوقاندن و خافڵانە، گیرۆدەی زۆریەك لە کارناسانی ئاکادمیکی ویلایەتە یەکگرتوەکانیش دەبێت. زۆربەیان ـ لەوانە "جەیمز بیل" لە زانکۆی تێکزاس، "ماروین زونیس" لە زانکۆی تێکزاس و "ریچرد کوتام" ئەفسەری پێشووی CIA لە زانکۆی پیتێرزبورگ ـ لە ساڵەکانی 1978تا 1979 لە راوێژکارانی ناڕاستەوخۆی کۆشکی سپی و وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوون. "جەیمز بیل"یش کە کتێبی "هەڵۆ و شێر"ی ئەو زۆر جاران لە پەیوەند لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئێران ئاماژەی پێدەکرێت و بابەتی زۆری سەبارەت بە پەیوەندیە دەرەکییەکان لە بڵاوکراوەی شورای پەیوەندییە دەرەکیەکاندا نوسیوە، لە دوایین رۆژەکانی 1978، هەر رێك وەکو نامە فەرمیەکەی لمبراکیس، لە ناسین و لێکدانەوەی تەوەرەکەدا تووشی هەڵە بوە. تەنانەت لە کاتێکدا کە خومەینی لە عێراق و دواتریش لە فەڕانسەوە لە دژی شا دەنگی هەڵێنابوو و جەماوەرێکی بەرین وێنەکانی ئایەتوڵڵایان لە شارە گەورەکاندا بەرز کردبوونەوە، جەیمز بیل لە مەڕ " ئێران و قەیرانی 1978"دا دەنوسێت:

*... ئەگەر سلسلەی پەهلەوی بە زۆر و توندوتیژی لە ناو بچێت، ئەگەری زۆری هەیە کە باڵی چەپ لە گروپی پێشڕەوی ئەفسەرانی مامناوەندی ئەرتەش، کاروبارەکە بە دەستەوە بگرن... ئەو ئەگەرانەی دیکە کە لە داهاتوودا لەوانەیە*

*جێگەکەی بگرنەوە، گروپەکانی باڵی ڕاستی ئەرتەش و سیستمی لیبراڵ دێموکراتییە کە بە لە بەر چاو گرتنی وڵاتانی خۆرئاوایی، دەوڵەتەکەی کۆمۆنیستی دەبێت.*

لەو نوسراوەیەدا جەیمز بیل، تەنانەت باس لە ئەگەری جێگیربوونی خومەینی کە ڕێبەرێکی ناسراویش بوو، ناکات. جەیمز بیل وەکو یەکێك لە کارناسانی دەگمەنی کاروباری ئێران، تەنیا کەسێك نەبوو کە داهاتووی ئێرانی بە هەڵە لێك دابوەوە. لە گەڵ پەرەسەندنی شەپۆلەکانی شۆڕشی ئێران لە مانگی نۆڤەمبری ساڵی 1978، بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بانگهێشت کران بۆ ئەوەیکە خاڵە نادیارەکانی قەیرانەکە تاوتوێ بکەن. "هنری پرچت" ئەفسەری بەرپرسی ژووری تایبەت بە ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، باسی ئەوە دەکات کە بە چ شێوەیەك سەرەڕای هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە بەر دەستی دابوون، لە لێکدانەوەی خۆیدا لە سەر گروپێکی خوێندکاری ئێرانی کە شەوی رابردوو چاوپێککەوتنی لە گەڵیاندا هەبوە، بەو ئاکامە دەگات:

*لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبری 1978 سەرجەم کارناسانی کاروباری ئێران، ئەفسەرانی ڕاسپێردراو بۆ ئێران و کەسانی دیکەمان لە دەوری یەکتر کۆ کردنەوە تاوەکو بزانین سەبارەت بە ئێران چیمان لە دەست دێت و چ شتێك خەریکە لە ئێراندا ڕوو دەدات. شەوی پێشوو، لە زانکۆی ئەمریکیدا من بۆ قسە کردن میوان بووم و بە ڕێکەوت ژمارەیەك لە خوێندکارانی ئێرانیش لەوێ بوون. کاتێك پرسیاری ئەوەم کرد کە بە ڕای ئەوان لە ئێران چ شتێك خەریکە ڕوو بدات، هەموان بە تێکڕا گوتیان: دەسەڵاتی ئیسلامی دێتە سەر کار. ڕۆژی دواتر لە کۆنفڕانسێکدا، ڕای هەموانمان پرسی و گوێمان لێ بوو کە هەموان پێکەوە دەیانگوت :" دەوڵەتێکی لیبراڵ لە لایەن بەرەی نەتەوەییەوە دێتە سەر کار و خومەینیش دەچێتەوە بۆ شاری قوم." کاتێك نۆبەی من هات کە بۆچوونەکەی خۆم باس بکەم، گوتم "دەسەڵاتی ئیسلامی دێتە سەر کار". من تەنیا کەسێك بووم کە لە کۆنفڕانسی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا وەها بۆچوونێکم هەبوو.*

ئەو ڕاستییە کە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان وەها لێکدانەوەیەکی هەڵەی سەبارەت بە هەلومەرجی ئێران هەبوو، هیچ شتێك نییە بێجگە لە کەمبوونی زانیاری دروست لەمبارەیەوە. بەڵام ئەو نوقسانیە لە کەمبوونی هەواڵەکانەوە سەرچاوەی نەدەگرت، چونکە شۆڕشەکە خەریك بوو لە شەقامەکاندا دەبیندرا و خومەینیش کاراکتەرێکی شاراوە نەبوو. سەرەڕای ئەوەش ویلایەتە یەکگرتوەکان کە زۆری متمانە بە سەقامگیریی شا هەبوو، بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە ئێران دوورگەی سەقامگیرییە و ئەگەری ڕاپەڕین لەوێدا هەر بوونی نییە. تەنانەت کاتێك کە ڕاپەڕینەکە بە خێراییەکی لە ڕادە بەدەر سەری هەڵدابوو، ویلایەتە یەکگرتوەکان نەدەچوە ژێر باری ئەوەیکە خودی خومەینی و مەلاکان دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا قەتیس دەکەن و خۆیان بەوە قانع دەکرد کە چەشنێك لە دێموکراسی دوولایەنە، یانی تێکەڵاوێك لە سیکۆلارەکان و ئایینیەکان واتە دوو بەرەی کە هیچکات ئاوێتەی یەکتری نابن، دوای ڕووخانی شا لە قەیرانەکەوە سەر هەڵدەدات. "تامس ارن" کە لە ساڵی 1979 بەرپرسی دەزگای CIA لە ئێران بوو، چەند مانگێك دوای شۆڕش چوە ئێران و لە ڕۆژی چواری نۆڤەمبری هەر ئەو ساڵەدا لە لایەن جەمعییەتیەکانەوە (خوێندکارانی ڕێبازی ئیمام) کە لە سەر ڕێنوێنیەکانی خومەینی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانیان داگیر کرد، بە بارمتە گیرا و 444 ڕۆژ لە دەستی ئەواندا دیل بوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی "ارن"، بۆ کەسێك کە دیەویست لە ساڵی 1978دا لە پەنجەرەوە چاو لە دەرێ بکات، دیتنی شۆڕش کارێکی ساکار نەبوو. "ارن"دەڵێت کاتێك کە لە ساڵی 1981دا دوای ڕزگار بوونی، چۆوە بۆ بنکەی CIA، بینی کە دەزگای زانیاریی ناوەندیی ویلایەتە یەکگرتوەکان زۆر بە داخەوە بوو لەوەیکە شۆڕشی پێش بینی نەکردبوو. " کاتێك

گەڕامەوە، بینیم کە یەکێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی کاروباری خۆرهەڵات، سەبارەت بە رووخانی شا ئاخ بۆ نوقسان بوونی زانیاریەکان هەڵدەکێشێت. من سەیرم کرد و لێم پرسی یانی نەتاندەبینی کە لە شەقامەکاندا چ خەبەرە؟" ئەو بەرپرسە پایەبەرزەی CIA دەڵێت دەزگای زانیارییە ناوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە گەڵ قۆناغی بەر لە شۆڕشی ئێران، بە شێوەی رەسەن و باوی دژە سیخوڕی کاری کردوە و هەوڵیداوە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی بزووتنەوەی خومەینی و سەقامگیریی شا ئاشکرا بکات. بە پێی قسەکەی "ارن"، CIA نەیدەتوانی پیلانێکی روون بۆ کاروبارێك دابرێژێت کە رۆژ لەگەڵ رۆژ بە سەریدا تێپەڕ دەبوو. هەر بۆیە بەو دڵنیاییەوە نوسابوو کە دەیگوت شا لە سەر کار دەمێنێتەوە. "رێکخراوی ئێمەش بە دامودەزگای دەوڵەتیەوە گرێدرابوو بۆ ئەوەی هەر ئەو شتانە بە کۆشکی سپی رابگەیەنێت کە حەزی لە بیستنیان بوو. یانی ئەوەیکە هەواڵەکان خۆشن و بارودۆخی شا لە باشی دایە. هەر بۆیە بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەتوانێت خۆی لەو زریانە رزگار بکات. گرفتەکە ئەوە بوو کە لە ئاستی کارەکەدا، راستییەکە بە تەواوەتی نەدەدرکان. ئەوەش یانی ئەوەیکە کاری دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بە ورەوە باسی راستیەکان بکات."

لە دەیەی هەشتادا، "دەسەڵات" لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بە سێ شێوە دەیڕوانیە کاروباری ئێران. هەر کام لەو روانگانە، لە رێگای جۆراوجۆرەوە باسی ئێرانیان دەکرد، بەڵام لە هیچکام لەو روانگانە و لێکدانەوەکانیاندا، داهاتووی سەرکەوتنی خومەینی تێدا بەدی نەدەکرا. بۆ هەرکامیان ئایەتوڵڵا خومەینی وەکو پرسیارێکی زەینی وابوو. روخسارێکی لێڵ کە سیاسەت داڕێژەرانی پایەبەرزی سیاسی، شتێکیان تێدا بەدی دەکرد، کە خۆیان حەزیان لە بینینی بوو. هەموان بە هەڵەدا چووبوون و هەڵەکەشیان، زامنی سەرکەوتنی خومەینی بوو.

یەکەمین ریالیستەکان، لایەنگرانی هێنری کیسنجێر بوون، کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانیان لە قەباڵ ئێران لە نیوەی یەکەمی ئەو دەیەدا رێبەرایەتی دەکرد. بۆ ئەوانە خومەینی تا رادەیەك نەناسراو بوو. تەواوی دەیەی حەفتایان بۆ بوونی ئێران بە دەسەڵاتی ناوچەکە، پۆلیسی کەنداو و قەڵا و مەتەریزی ئەمریکا لە دژی یەکێتی سۆڤیەت و ناسیۆناڵیزمی عەرەب تەرخان کردبوو. رێکخراوی (سیا)، لە "ریچرد هۆلمز" بەرپرسی ئەو رێکخراوەیەوە بگرە کە لە سەردەمی مناڵیدا واتە لە (دەیەی سی)دا لە گەڵ شای سوئیس هاوکلاسی بوو و لە ساڵی 1973 ببوە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئێران، تا دەگاتە کەسانی کارلێهاتووی 1953 لەوانە برایانی رۆزوێلت: "کرمیت" راسپێردراوی نهێنی و "ئارچی" یەکێکی تر لە راسپێردراوەکانی ئەو رێکخراوەیە کە بەرپرسی پایە بەرزی بانکی "چیس منهاتان"ی دەیوید راکفلێر بوو، لە زومرەی هاوپەیمانانی ناسراو بە واقعگەرای هێنری کێسینجێر بوون. کیسنجێر، هۆڵمز، رۆزوێڵتەکان، راکفلێر و کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی و پیشەسازیی بەرەوانی، بە درێژایی ساڵانێك و بە تایبەت لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی ریچرد نیکسۆن، هەوڵیاندا ئێران بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن. لە گەڵ بەهێزتر بوونی ئێران، کاتێك شا هەوڵیدا بە گواستنەوەی هەلەکە باسی سەربەخۆیی بکات، ئەوانە دەنگیان بەرز بوەوە و لێی ناڕازی بوون و گوتیان کە وادیارە شا بە رواڵەت تووشی نەخۆشی خۆ بە زلزانی بووە. جارجارەش کە شا ئامادەی دانوستان لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەبوو، لێی سوور هەڵدەگەڕان. بەڵام لە هەموان گرینگتر، هێڵی سەرەکی بوو: بە دەیان هەزار موستەشاری سەربازیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ئێران بوون. ئێران بازاڕی ژمارەیەك چەکوچۆڵی گران بایی بوو و لە شەڕی ساردا، وەکو هاوپەیمانێکی جێی متمانە هەژمار دەکرا. ئێران بۆ بازرگانی بازاڕێکی پڕ داهات بوو. بێجگە لەوەش، ئێران لە لایەن ئەمریکاوە

چاودێری بە سەر بنکەی چاڵە نەوتیەکانی جیهاندا دەکرد. لە دەوڵەتی کارتێردا، زبیگینو برژینسکی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەو، بە تەواوەتی لە روانگەی نیکسۆن ـ برژینسکی سەبارەت بە ئێران نزیك ببوەوە.

گروپی دووەم، لیبراڵەکانی دەوڵەتی جیمی کارتێر بوون. خومەینی بۆ ئەوان کەسێکی نادیار نەبوو، بەڵکو هێزێکی شاراوەی لە بار دابوو کە واپێدەچوو لە رۆشنبیرانی جۆراوجۆری لیبراڵەکانی چەپ، بەرەی چاکسازی و هەڵسووڕاوانی پێشووی بەرەی نەتەوەیی بێ بایەختر بن. لیبراڵەکانی کارتێر لە واشنگتۆن، سەبارەت بە شا بە پارێزەوە هەنگاویان دەنا و نیگەرانی ئەو ئەرتەشە بوون کە لە ئێران دامەزرابوو. نەك بە قەدەر برژینسکی، بەڵام بە هەر حاڵ لە گەڵ گەلاڵەی نیکسۆن ـ برژینسکی کە ئیزنی ئەوەی بە شا دەدا بە چەکی سپی قەڵا و منارەکانی ئەرتەش بەرێتە سەرێ، تووشی گرفت بوون. هەروەها رایان لە کار و کردەوەی مافی مرۆڤ و سروشتی خۆ بە زلزانی رژیمیش نەبوو. بۆ بە کردەوە دەرهێنانی هیوا و هومێدی جیمی کارتێر بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان کە زۆرجاران لە قسە و باسەکانیدا باس دەکرا، شایان خستە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی پێك بێنێت و رواڵەتێکی لیبراڵی بە رژیمەکەی خۆی ببەخشێت. ژمارەیە کەس راشکاوانە هەستیان دەکرد کە چاکسازی و تەنانەت کۆتایی کاری رژیمی شا، لە ئامانجە پڕ بەهاکانی سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانە. لەو پەیوەندیەدا، وەکو هەڕەشەیەك چاویان لە خومەینی نەدەکرد، بەڵکو پێیان وابوو کە ئەو لە بواری پەرەپێدانی بزووتنەوەی چاکسازیی نەتەوەیی، دەبێتە هاوکارێکی دەرەجە دووی باش لە دژی کۆمۆنیستەکان. لە سەردەمی دەوڵەتی جیمی کارتێر، لیبراڵەکان لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەکی، بە تایبەت ژووری تایبەت بە ئێران و گروپی مافی مرۆڤەوە، نوێنەرایەتی دەکران.

گروپی سێهەم، راستە توندڕەوەکان و لایەنگرانی سەرکەوتنی شەڕی سارد و دەسەڵاتی ئەمریکی بوون کە ئەمڕۆکە ئەوان بە موحافزەکارانی نوێ (نیو کۆنسێرواتیڤ) ناو دەبەن. لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی جیمی کارتێر، راستی توندڕەو بە گشتی لە ئۆپۆزیسیۆن دابوو، بەڵام لە کۆتایی دەیەی حەفتادا، لە ناکاو پشتیوانی لە خۆپاڵاوتنی رۆناڵد رەیگان کرد. موحافزەکارانی نوێ کە هاوپەیمانی ئیسرائیل بوون؛ و ئیسرائیلیش لە دژی عەرەبەکان لە گەڵ ئێران هاودەست بوو، هەر نیگەرانی خومەینی نەبوون. بەڵام لە هەمانکاتدا کە پشتیوانییان لە شا دەکرد، بۆ نزیکایەتی لەگەڵ خومەینیش خۆیان وەدوا نەخست و پاش ساڵی 1979، پەیوەندییەکی نزیك و شاراوەیان لەگەڵ رژیمی خومەینی دەستپێکرد. لە ساڵی 1980، گروپی رۆناڵد رەیگان بە نهێنی و بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژراو سەبارەت بە چەك وچۆڵ و بارمتە ئەمریکیەکان، دانوستانەکانی لە گەڵ ئایەتوڵڵاکانی ئێران دەست پێکرد بۆ ئەوەی سیاسەتی جیمی کارتێر پوچەڵ بکاتەوە. ئەو دانوستانانە؛ بە بشێوی " نائاسایی ئۆکتۆبر" بەناو بانگە. هاوتەریب لەگەڵ دانوستانەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئایەتوڵڵاکانی ئێران سەبارەت بە چەك و چۆڵ، ئیسرائیلیش لە شەڕی ئێران و عێراق، زانیاریی پێویستی بۆ ئێران دابین دەکرد. ئیسرائیل و موحافزەکارانی نوێ، هاوڕێ لەگەڵ بیل کەیسی بەرپرسی CIA کە بشێوی ئێران ـ کۆنترایان پێك هێنا، لە هەردووك لاوە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتوەکان، دیسانەوە چەك و چۆڵی زیاتریان بە رژیمی خومەینی فرۆشت.

---

* ئەم بابەتە لە کتێبی (گەمەی شەیتان) وەرگیراوە کە ساڵی 2009 لە لایەن خانەی چاپ و پەخشی رێنما لە شاری سلێمانی لە چاپ دراوە.